

# گوناهەکانی دڵنیایی

بەرزان هەستیار



من لەترسی مەرگ
لەکۆڵ ژیان نابمەوە
لەدڵ رەقیی ژیانیشە
ناوێرم دەست لەسنەوبەری عیشق بەردەم،
جوانمەردیی نییە پێکەنیین،
لەکاتێکا پەنایەك شك نەبەین
فرمێسکەکانی تیا بشارینەوە،
من لەنامەردی رووناکییە...
بۆ داڵدەی بێ ئۆقرەییم
خۆم ئەکەم بەژێر کەپری...
سایە رەشی شەوەکانا
لەترسی پیرییە...
بۆ پێڵاوەکانی منالّییم ئەگەڕێم،
بۆ کراسەکانی هەرزەییم،
بۆ چاوبرکێکانی لاوێتی،
هەست بەوەریین ئەکەم
وەك ئەو ئەرخەوانەی...
بەدەست بەردە فرکێی منالّانەوە زەلالەتێتی
وەك ئەو گەلاّ زەردەی...
رەشەبا ئازایەتیی خۆی بەسەرا ئەنوێنێت
ماندووم، چەشنی ئەو بێوەژنەی
نازانێ لەپێشا...

کام کراسی تەڕی مەینەتیی بخاتە بەر هەتاو،
ئەو مەیموونەی لەقەفەزێکی ئاسندا
ئەبێ ئەو خەڵکە گەلحۆیە بخاتە پێکەنین،
ئەی "دڵنیایی" بگەرە هانام
وا "گومان" بە بەرسیلەیی...
هێشوو بڕم ئەکات
وەرە فریام، بەختی بێ ڕەنگم بگرەوە
بزانە عیشق ئەمکوژێت، یان "پیریی"!
لەشەوێکی پڕ شەرابدا ئەمرم،
یان لەتینوێتییدا ڕۆح تەسلیم ئەکەم!
ئەی "دڵنیایی"،
ئەوەندە کەللە پووت مەبە
لەسووچێکەوە چمکی کراسەکەتم بۆ دەرخە
خۆ ئێمە باوکی یەکترمان نەکوشتووە
نووکی ئەو چەقۆی "گومان"ە....
لەبەربینم دوور خەرەوە
تۆ، بۆ خۆت لەپەرێز ناوە...
بۆ ڕاوکردنی چرکە..
کەم تەمەنەکانی ئاسوودەییم؟
گوناهت ئەگات، گوناه
من تازە دەرەقەتی..
لەشکری بێ شووماری "گومان" نایەم
ئەشکێم، وەك سوپایەکی بێ سەرکردە
ئەڕووخێم، وەك دیوارێکی داڕزاو
پەرش ئەبم، وەك خەرمانێکی بێ خاوەن
ئەژاکێم، وەکو گوڵی بەر ڕەشەبا،
بۆ جارێکیش بووە نەجابەتی خۆت بنوێنە
ئەوە ئازایەتیی نییە...
بچیت بەگژ مراوییەکی باڵ شکاوا، ئەی "دڵنیایی"
من خۆم دان بەوەدا ئەنێم
هەر زوو ئەم زۆرانبازیە ئەدۆڕێنم
بازووی ئەوەم پێوە نییە
تا ئەبەد، شان لەگەڵ "گومان" گیر کەم،

من هێنده بەرچاو تەنگ نیم
تەنها چەند ساتێکم ئەوێ،
ئەخوازم "گومان" چاوێکم لی ٚغافلٚ کاو
فرسەتێ بێنم بۆ مردن،
یان دەرفەتێ بۆ ئاوەدان بوونەوە،
لەسەرشان لەو دەرگایەوە ئاودیو بم
کە هەتا ئێستا نەمدیوە
کەسێ درزێکی تێ کات و
بڵێ: رۆژباش،
من لای "دڵنیایی"یەوە هاتووم
زۆر سڵاوی هەیە بۆت و
ئەڵێ ئەگەر کاتم هەبوو
دەمەو عەسرێ ئەگەمە لای،
بەر لەوەی دەستی بچێتە خۆی..
سەرێکی خێرای لێ ئەدەم
پێشی بڵێ با ئەوەندە پەلە نەکات
من هێشتاکە چەند فرسەخێك لێوەی دوورم،
یان پێم بڵێ: با چارۆکەکەی بپێچێتەوە
ئەبهێنمە ماڵەکەی خۆم، چاو گەرم کات
ئەزانم ژەنگی کردووە،
ئەو شاعیرە خەریکە ئەبێ بەباران
بارانێك وشك وشك رەهێڵە ئەکات،
کەس نییە وەهام پێ بڵێ،
کەس نییە، کەس!

نیسانی 2005-کۆڵن